## دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان ـ ئوستراليا
## Form of Defence the Demands of People in Kurdistan-Australia

---

### نامەيەکی کراوە بۆ دەستەی لايەنگری لە خواستەکانی خەڵکی شاری قەڵادزە

دەستتان دەگوشين.....

بەريزان ،پيک هينانی دەستەی لايەنگرنی لە خواستەکانی خەڵکی قەلادزە چ لە خودی شاری قەلادزەو چ لە دەرەوە لە لايەن ئيوەوە هەنگاويکی پيشرەوانەيە لە ريگای ريکخستنی خەبات ونارەزايەتی يەکانی خەڵک بۆ بەدی هينانی خواستە رەواکانيان.هاوکات بانگەوازتان بۆ پەيوەندی و پيک هينانی رابەريەکی سەراسەری لە ئاستی کوردستان و دەرەوە بۆ هەرچی زياتر کۆکردنەوەو هاوئاهەنگ کردن و ريکخستنی نارەزايەتی يەکانی خەلک هەمان بەنگەوازی ئيمەشەو ئەوە چەند مانگە ئيمە وەک دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەلکی کوردستان – ئوستراليا لە کارو پەيوەندی داين لەگەڵ هەڵسوراوانی ئەم بزوتنەوەيە چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە. بۆيە جەخت لەوە دەکەينەوە، کە ئيمە سەرەرای کاری بەردەواممان لە بەرگری و پشتوانی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان ،هاوکات ئامادەی هەر کارو هەنگاويکين کە لە پيناوی چونە سەری ريک خستنی زياتری ئەم جولانەوەيەدا بيت لە هەر ئاستيکدا.

جا بۆ هەنگاوە عەمەليەکانی ئايندە ئيمە پيشنيياری سازدانی کۆبونەوەيەکی سەراسەری دەکەين بۆ هەموو رابەران و هەڵسوراوان و لايەنگرانی خواستە رەواکانی خەڵکی کوردستان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە تا بتوانريت بەرنامەکاريکی رۆشن داريژريت بۆ بزوتنەوەکە.

دوبارە لەگەل ريزماندا

**جلال محمد لە لايەن**

**دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان– ئوستراليا**

6 ديسەمبەری 2006

---

Ph: 0402217864 - 0421170966 dastaaus@yahoo.com